عەبدوڵڵا سەمەدی

# سووشیانت

ڕۆژانی بێتۆییمان چ تەماوین! لەم ماوە دوور و درێژەدا نە خەومان خەو بووە و نە شادیمان شادی. کە بزەیەکی نەویستە هاتبێتە سەر لێوە سارد و سڕەکانمان، لە هەنیسکی گریان غەماویتر بووە. کە خەوێکی سەرگەردانیش ڕێگەی ون کردبێ و زابێتە چاوەتەڕەکانمان، لە ئێش و زامی وەخەبەری بەژانتر بووە.

شەوێکی کش و خەفەی شەوانی ساردی سەرماوەزە.دارەکانی حەوشەمان ڕووت بوونەوە و بەر پێیان حەسیرێکی لە گەڵای وشکی زەرد و سوور تەنراوی لێڕاخراوە. تەزوویەکی سارد دەرکی ماڵەکانی گاڵە داوە و پەنجەرەکانی داخستووە و پەردەکانی داداوەتەوە.

لە گۆشەیەکی حەوشە، لە بن شۆقی زەردی چرا، لە سەر کۆتەڵەدارێك دانیشتووم و بیر لە تۆ دەکەمەوە. هەر وەك دوێشەو و شەوانی پێشوو.. لە داری ڕووت ڕاماوم و لە گەڵای وشك. گوێم بۆ بێدەنگی هەڵخستووە و لە ئاسمانی بێ ئەستێرە دەڕوانم، و بیر لە تۆ دەکەمەوە. لە ڕووخساری مەند و هێدیت، لە زامەکانی جەستەت، لە ناسۆرەکانی دەروونت، و لە زنجیرە کێوە سەخت و بە سامەکانی وزە و خۆڕاگریت.

شەو و چرا و دار و گەڵا وردە وردە لە بەر چاوم کاڵ دەبنەوە و هێدی هێدی سیمای مەندت پڕ بە هەموان دەردەکەوێ. تا دێ ڕوون و ئاشکراتر دەبێ. دەیناسمەوە. بزەیەکت لە سەر لێوە و شۆقێکیشت لە ڕووخسار. لە شۆرەکاتی زامەکانت دەڕوانی و بەتەوسەوە پێدەکەنی، و لە گەڵا هەڵوەریوەکانی بن دار دەڕوانی و پڕ بە دڵ دەگری. *پێکەنینت لە لێوایە وگریانیشت لەدڵ..*

... وێنەت لێك کشایەوە. گەورە و گەورەتر بوو. دیوارەکانی شاری پەڕاند، سنوورە دەستکردەکانی بەزاند. وەك سێبەری ئەو پەڵەهەورانەی کە مزگێنی ڕەهێڵەی ژیانەوە دەبەن بۆ کێڵگە، بۆ لێوە قەڵشیوەکانی زەوی، بە سەر شار و گوند و ئاپۆرە و چۆلگەدا خوشی. دەشتەکانی بڕی و بە پێدەشتا هەڵگەڕا. ڕووبار و دوند و کەند و لەندی پێوا و گەیشتە ئەو سنوورانە کە هێڵەکانی بە چاوی شەمشەمەکوێرە نابینرێن و بە سەر ڕوومەتی دڵدا خزیون.

لە کەنارەکانا چنگت لە سنوور داگرتبوو و لە ناوەندا وەکوو لووتکە هەڵچووی، کڵاوێکی سپیت لە هەور نابووە سەر، کە خۆر وەکوو میداڵ، وەك درۆشمێك بە ناوچاوانیەوە دەبریسکایەوە و پڕشنگی داویشت. وەکوو ئاگری بەسەر وڵاتی بێدەنگیدا دەتناڵاند. ناڵەی کێوێکی ئاگرپژێن لە دوای سارد بوونەوەیەکی چەند هەزار ساڵە..

لە نەکاو تەقییەوە و ڕەهێڵەی ئاورینگت باراند بە سەر وڵاتی بەفر و بەستەڵەکدا. چیا بەپێوە نووستووەکان یەك لەدوای یەك فرمێسکیان لە چاوی خەواڵوو دەوەری. جۆگە جۆگە شۆلاوکەی ئاو بووبە شەتاو. بە لەز دەخوشین، ڕوو وەو پێدەشت دادەگەڕان، لێك دەگەڕان، تێکەڵ دەبوون... بن بەرداوبەرد کوێرەکانی بە دەم قاقاوە دەتەقین. قەف قەف هەور تێکیان دەخوڕی، دەیانگرماند، برووسکە قامچی دەوەشاند. پۆل پۆل کارگ هەڵدەتۆقین، بۆنی سیر و عەتری بەیبوون و بەڕەزا ئامێزیان لە کوێستان وەردێنا و لاولاوی ئەویندار لە قەدی

چنار دەهاڵا. لەو دۆڵ، لەم خڕ، لەخوار، لە ژوور پەیتوونی شۆلاوکە دەیئاژۆت. گەیشتنە یەک. تێکەڵ بوون و بوونە ڕووبار. ڕووبارەکان کەفیان هەڵدەخلاند و سروودی هاژەیان دەچڕی. زنجیرە شاخەکان دەست لە ناو دەست هەڵدەپەڕین، ئاگری سەرچۆپی کێش.

لە دارستان ڕەشبەڵەك بوو. کەو، قورینگ، پۆڕ گۆرانیبێژ. کۆلکەزێڕینە سەیرکەر. شکۆفەی سێو، هەنار و خۆخ قەرەپووڵ و نوقڵی سەر بووك. سەوزەگیا و چیمەن فەڕشی بەرپێی زەماوەند...

گژەبا کووچەباخەکانی دەپێوا و بە نەعرەتەی *یاهوووو* لە دەوری شۆڕەبی دەگەڕا. شۆڕەبیش پرچی پەرێشان و ئاڵۆزی هەڵدەسووڕاند، بە حاڵەتی دەروێشانە لەخۆ چووبوو... ئیدی نە خەزەڵوەر، نە سەرماوەز، نە پایز. هەر چوار وەرز هەر بەهار بوو، هەموو ڕۆژێك هەر نەورۆز بوو، خوێن لە دەمارەکانی ئەم خاکەدا کەوتەوە گەڕ، پەلەوەر هێلانەی گەرموگوڕیان هەڵدەبەستەوە و ڕووحی مردووەکان لە ئاسمان زەنگی هەلهەلەی شادییان دەزڕاند..

تۆ سووشیانتی نەجاتدەر بووی. قەدەر عەیامێك بوو چاومان لە ڕێگات بڕیبوو. شەوانی بێتۆییمان چ تاریك و ڕەش بوو!! چرۆی مزگێنی گەڕانەوەت لە سەر لکە وشك هەڵاتووەکانمان هەر زیندوو ما، تا پشکووت و شکۆفەیدا..

تۆ ڕەمزی مانەوەی گەلی! لاپەڕەیەکی زێڕینی دەفتەری مێژوومانی! سەرمان بە تۆوە سەرفرازە، جەستەت چ لە سەر خاك، چ لە ژێر خاك، دڵی زیندووی کوردستانە. تۆ سووشیانتی نەجاتدەربووی. تۆ هەر دەژی.. دەژی.. دەژی!